# سوكراتەكەی هەولێر

**بۆ سەردەشت عوسمان**

ئازاد حەمە



ئەسینا و هەولێر دوو جوگرافیای سیاسی و ڕوناكبیری جودامان بیردەخەنەوە. هەردوو دێرینن وەلی هەقایەتی دێرینیەكانیان ناهاوشێوەن. ئەسینای ئێستا كە لەگەڵی ڕووەوە لەسەر دێرینی مێژووی و شوهرەتی هزرەڤانی ئەسینای كۆن مشەخۆرە بێئاینده دەژی. هەولێری هاوچەرخیش كە بەزۆرەملەیكی سیاسی دەویستری بكرێ بە شارێ پۆستمۆدێرن لە مشتی تۆقان دەژی. ئەفسووس مێژووی زۆرداری و قەیرانی سیاسی لەم دوو شارە دێرینەدا بەرێكەوت لەیەككاتدا خۆیان لە فۆرمی جیادا دووپاتدەكەنەوە. تەماشای ئەسینای ئەمڕۆ بكەن كە لە چ قەیرانێ ئابووری دەگەوزێ و تەماشایكی هەولێریشكەن كە بەچشێوەیک دوێنێ مامۆستا عەبدولخالق مەعرووف و ئەمڕۆش هێژا سەردەشت عوسمان لەدەست دەدا.

بۆ زۆرینەمان ئاشكرایە مەرگی سوكرات بە یەكێ لە ڕووداوە ناسراوەكان لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەقەلەمدەدرێ. هەقایەتی ئەم مەرگە فەلسەفیە لە ئێوارە بەهارێكی ئەسینای یۆنانی كۆن دەستپێدەكا كە دەكا شوباتی 399 سال پێش لەدایكبوونی مەسیح ، كەداوا لە سوكرات دەكرێ ئەو ژەهرەی بۆیان گرتۆتەوە (كە بەخۆی لە گیراوەیك پێكهاتبوو بریتیبوو لە ژەهر و جۆرە گیایكی كێوی) بیخواتەوە. ئەو دەمەی ئەم بڕیارە بەسەر سوكراتدا درا سوكرات لە تەمەنی 70 سالیدا بوو كە بەخۆی ئەوەندەی نەمابوو لە ژیانا بەلام سیاسیەكانی ئەسینای ئەو دەمە لەبەرئەوەی لە بۆچوونەكانی سوكرات دەترسان بەلایانەوە گرینگبوو سوكرات لە ژیانا نەمێنێ.

ئەو دەمەی سوكرات لە هەلوێستەكردندابوو سەبارەت بە دۆزی كۆمەلگەی ئەسینا جەنگ و تاعوون بالیبەسەر شارا كێشابوو و مەرگیش گشت شوێنێكی تەنیبووەوە بۆیە سوكرات دەبایە بێتەگۆ. هاتنەگۆی سوكراتیش كە بەخۆی تازە نەبوو ،لە چوارچێوەی ئەو ئازادی ڕادەربڕینە بوو كە ئەسینا ئەو دەمە شانازی پێوەدەكرد. بەلام دوژمنانی سوكرات كە دوژمنی هەرەگەورەی ڕاستی بوون نەیاندەتوانی سوكرات بەوە تاوانباركەن كە ئازادی تێپەڕاندوە بەلكو بەوە تۆمەتباریانكرد كە گوایە سوكرات ""گالتەی بە خواكانی یۆنان كردووە"" بەمە دەسەلاتدارانی ئەسینا شیاوییان بۆ مەرگی سوكرات بەجۆرێ تر بینییەوە چونكە بۆ سیاسیەكانی ئەسینا ئەم گالتەكردنە بە خواكانی یۆنان واتە گالتەكردن بە خواكانی ئەوان. ئەلبەتە ئەم جۆرە تومەتەش لەو دەمەدا گەورەترین تۆمەت بوو و سزاكەشی زۆر لەوە گەورەتربوو كە ڕەخنەگرانی دەسەلاتی سیاسی دەكرا دووچاربینەوە.

سەرەتا سوكراتی پیرەهزرەڤان بۆ دادگا بانگهێشتكرا و بۆ ئەومەبەستە "وتاریداكۆكیكردن"ی ئامادەكردوو و زۆر بە هێمنی و بەو پەڕی هوشیاریەوە داكۆكی لە بینینەكانی خۆی لەبەردەم دادوەر و سیاسیەكانی شار دا

کرد. پاش ئەو ڕێوڕەسمە دەنگدان دەستپێیکرد و بەزۆرینەی دەنگ بڕیار لەسەر مەرگی سوکرات دەرکرا. ئەگەرچی دادوەرەکان بڕیاری مەرگی سوکراتیان دەرکرد بەلام دەسەلاتی سیاسی لە پشت وروژاندنی دادوەریەکەوە بوو. ئەلبەتە پاش ئەوەی بڕیاری دادگا دەرچوو سوکرات لە بەندیخانە قایمکرا و لەوماوەیەدا ئاهەنگێ ئاینی لە شاردا بەڕێوەدەچوو کە دەبایە سوکرات 30 ڕۆژێک چاوەڕوانبێ. لەو دەمووەختەدا هاوڕێیانی سوکرات پێشنیاریئەوەیانخستە بەردەست سوکرات کە هەلبێت و سوکراتیش ئەوەی قبوولنەکرد هەلبێ و پاش تەواوبوونی 30 ڕۆژەکە سوکرات گیراوە ژەهرەکەی دراێ و هاوڕێکانی داوایانلێکرد نەختێ چاوەڕوانبێ چونکە زۆربەی ئەوانەی ژەهرەکەیان وەرگرتووە گوایە پاش ماوەێتر خواردویانەتەوە بەلام سوکرات ئامادەنەبوو چاوەڕێبێ و بۆیە گیراوەکەی هەرزوو و بە هێمنی و بە ئارەزووی خۆی خواردەوە.

هەقایەتی مەرگی سوکرات ئەوەشمان پێدەلێ شیاویی لەبەردەم سوکراتدا بۆ نەخواردنەوەی ژەهرەکە هەبووە ئەلبەتە بە پاشگەزبوونەوە لە ووتراوەکان یان هەلهاتن لە بەندیخانە بەلام سوکرات دلێرانە ژەهرەکەی بە ئازادی هەلقووڕیو و ژیانی ناوەوەی خۆی پێتێرکرد.

هەرچی هەقایەتی سوکراتەکەی هەولێرە شتێ جوداترە. سوکراتەکەی هەولێر وەک سوکراتەکەی یۆنانی کۆن دەستینەدەچووە کوشتنی خۆی وەلی نەبەردانە لە چاوەڕوانی مەرگی خۆیدا بوو. هەر دوو سوکراتەکە بەبێکۆمانەوە دەیانزانی دەمرن بەلام بەو جیاوازیەی کە سوکراتەکەی هەولێر بە ئازادی نەمرد و ئەویتر بە ئازادی مرد. وەلی هەردوو مردنیان لە پاداشتی ئەوی ووتوبیان دووچاربوەوە. واتە ئەم دوو سوکراتە ووتنەکانیان لەپشت مەرگیانەوە بوو نەک شتێتر.

سوکراتەکەی هەولێر شەرابی ژەهراویان نەختەبەردەستی تا لەوی وتویەتی پاشگەزبێتەوە بەلکو بەبێ ئازادی، بێئەوەی داوای پاشگەزیلێبکەن لەوی ووتویەتی کوشتنیان.هەروەها سوکراتەکەی هەولێر لە شوێنێک و لە دەورەێکدا دەژیا کە دەبایە هەلوێستە لەئاست ئەو پەتای گەندەلی و بۆگەنی ئازادی ڕادەربڕینە بکا کە زۆرینەی خەلکی گێژکردووە ، بەلام موخابن ئەم هەلوێستەکردنە دەرهەق بەو پەتا و بۆگەنیە چووە خۆێنیەوە.

ئەلبەتە مەرگی بەوجۆرەی سوکراتی ئەسینا قووتابیانی سوکرات و هزرەڤانانی سەردەمی خۆی لە جولە و تەکانی هزری ئەسیل نەوەستاند. هەرلەبەرئەوە و لەپاش مردنی سوکرات ، قووتابیەکەی -واتە ئەفلاتوون- لەو دیالۆگەی لەبارەی مردنی مامۆستاکەیەوە نووسیویەتی، ئەوەی بۆ گشت لایک یەقیندارکردوە کە چۆن دادوەرەکان لەژێرفشاری سیاسیەکانی شاردا بڕیاری مەرگی سوکرات دەردەکەن و سوکرات لەسەر ئەوە ژەهرخواردوودەکەن کە گوایە ""لاوانی شاری لەڕێدەرکردووە و ئینکاری خواکانی شاریش دەکا"". مامۆستاکەی ئەوەشمان پێدەلێ کە ، دوای ئەوەی ئەم تاوانە درایە پال سوکرات داوالە ناوبراوکرا لەویوتوویەتی پەشیمانبێتەوە بەلام سوکرات ئامادەنەبووە ئەمەبکا و مەرگی خۆی بە ئازادی هەلبژارد. گەلێ لە هزرەڤانان پێیانوایە ئەوی سوکراتی ئەسینا وەدووی ویلبووە بە سیاسییەکانی ئەودەمە هەرسنەدەبوو بۆیە دەستەبژێری سیاسی ئەو وەختەی ئەسینا وەدوی تۆمەتێ دی دەگەران سوکراتی پێوەبگلێنن بۆیە ئەو تاوانەی درایە پال سوکرات دروستکراوی ئەو دەستەبژێرە سیاسیەی ئەو دەمەی یۆنان بوو کە دیتنە فەلسەفییە سیاسییەکانی سوکراتیان وەکجاران پێقبوولنەدەبوو.

لەمحالەتەدا پرسیارەکەی ئێمە لەسەر کوشتنی سەردەشت ئەوەیە کە تاوانەکەی سەردەشت چی بوو؟ ئەلبەتە تاوانی سەردەشتەکانی تریش(کاکە سۆران و شێخ ستار)؟

مردنی سوکرات و مردنی سەردەشت دوو ڕووداوی هاوشێوەی مێژووین یەکەمیان سەرچاوە لە دیسپۆتیزمی (زۆرداری) ڕۆژئاوایەوە هەلدەگرێ و ئەویتر ڕۆژهەلاتی. سوکرات قوربانی باوەڕە فەلسەفیەکانیەتی کە ویستی ڕەوتی شارستانی ڕۆژئاوای ڕوەو ئاڕاستەێ تر بگۆڕێ. بەلام سەردەشت قووربانی ئازادیێ گەندەلە کە ڕێگات دەدا ووتنەکانت بلێی دواتر مەحفتدەکاتەوە.
گەورەترین پرسیارێ پاش مەرگی سوکرات کە تائەمڕۆ ڕووبەرڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە ئەوەیە کە چۆن کۆمەلگەیێکی نموونەی وەک ئەسینا دەستی چووە کوشتنی سوکرات؟ بۆئێمەی کوردیش دەبێ ئەوە پرسیاربێ ئێمەی کورد کە دەمێک نیە لە گەرووی ستەم و مەرگ قووتارمانبووە چۆن دەستمان چووە سەردەشت و سەردەشتەکانی تر(کاکە سۆران و شێخ ستار) ؟ ئێمە کە بەخۆمان قووربانی ئەوجۆرە دیاردانەین، واتە کوشتن، چۆن ئاوا زوو توانیمان جێی بکوژانی شاعیری ئازیزمان دلشاد مەریوانی و هێژا عەبدولخالق مەعرووف بگرینەوە؟ ڕەنگە بۆ چەتە سیاسیەکان، ئەوانەی بە کوشتنی ئەویتر دەیانەوێ تەمەنی مانەوەیان درێژەپێبدەن، سەختبێ وەلامێ قەناعەتپێکراومان پێبدەن بەلام بۆ ئێمە و لەمەبەدوا زۆر ئاسانە دەرکبەوەکرێ کە کوشتنی بەوجۆرەی سەردەشت خەونی بوونی هەولێر بە شارێ پۆستمۆدێرن بەتالدەکا.
هەولێر ، لەبەرئەوەی دەسەلاتی سیاسی شانازی بەوەوەدەکا خەریکە بیکا بە شارێ لە شارەکانی جیهانی یەک و مۆدێلی سیاسی و ئاوەدانکردنەوەکەی ئەم شارە نیازوایە بەرەو شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ببرێ ، ڕۆژنامەوان لەم شارە نموونەیە بەتازەترین شێوە، کە خۆی کێویترین شێوەیە، تیایا هەلدەفڕێندرێ و دواتر دەکوژرێ.
مەرگی سەردەشت و سەردەشتەکانی تر ڕێنومایئەوماندەکەن پێویست و گرینگە ئازادی ڕاستەقینە لەو ئازادیە بەشمەککراوە جیاکەینەوە کە گشت گیانی ساختەکارییە و دەرگای تەنیا بۆ ئەو دەجالانە لەپشتە کە ژێراوژێر لەگەل دەسەلاتن و وەکیتر لە شوێنە گشتیەکانا نوێنەری لاوان و قووتابیانن و هەمووشەوێ بە ڕوناکبیرێ سەرخۆشانەوە دێنەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و پووچی لە ڕێگای ووتنەکانیانەوە هەلدەڕێژن. بیرماننەچێ ، ئازادی گەندەل شتێ ترسناکە و تابلێی ساختەکارە. ئەو گەندەلیەی لە هەنووکەدا لە شارەکانی کوردستان لەناو شادەمارەکانی مێدیادا خۆی پەنهانکردوە دۆزێ فریشتاوی بۆ مێدیا خۆشکردووە کە تەنیا دەجالەکان دەکارن تیایا زمان درێژبن و ئازادانەش بیربکەنەوە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆلەمەولا دەکرێ بێزمانبێ ڕۆژنامە بخوێنینەوە؟ دەشێ ئامادەبین گوێ لەو پرۆگرامە تەلەفزیۆنیە سوفستاییانە بگرین کە لەژێر بیرۆکەی""ووتنی ڕاستی"" سەرقالی چالهەلکەندن بۆ یەکتر ؟ بەدلنیایەوە دەکرێ بلێین پێویستە ئەو ڕۆژنامانە بخوێنینەوە و لەو پرۆگرامانەشدا بەشداربین کە کودەتا دەکەنە سەر ئازادی گەندەل، ئەو ئازادیەی بکوژە و بێباکانە گوزەردەکا و خومخانەئاسا وتار و نووسینی ناکاریگەرمان بۆ بەرهەمدێنێ.
چش با گەندەلی بالی بە سەر ئازادیا کێشابێ بەلام تاکی تازەی کۆمەلگەی کوردی لەوەدەگا ئەویتر کوشتن شتێکی کولتووری نییە بەلام وەک دیاردە چارەسەرە بۆئەوانەی لەڕێگای کوشتنەوە دەیانەوێ کولتوورێ بێنەکایەوە تۆقاندن بچێنێ. ڕاستە ئەمە بەرهەمی ئەو ئازادیە گەندەلەیە کە مێدیاێ مشەخۆر و دەجال تاکی ئاوا پەروەردەکا بکوژبێ بەلام هێزە باشەکان و دژە بەدەکان ڕۆژانە کار بۆ وەلاوەنانی ئەم جۆرە کولتوورە دەکەن و ئەو دەنگانەش کە پاش مەرگی سوکراتەکەی هەولێر بەرزبوونەوە نیشانەیە لەسەرئەوەی دەیلێین.

ڕاستە بکوژەکان تائەندازەیێ توانیویانە کولتووری کوشتن بۆ سڕینەوەی ئەویتریجیاواز لەناومانا بچێنن بەلام ئەمجۆرە کولتوورە کە لە کولتووری بەعسیزم پۆلاینتر نیە تابلێی کەمتەمەن و بێ ئایندەیە.
هەروەها ڕاستە کوشتنی ئەویتر هەمیشە هۆی جیای لەپشتەوە بووە بەلام کوشتنی لەمجۆرەی بەسەر سەردەشت هات سەرچاوەیێ سیاسی هەیە و باشترین دالدەی ئەم جۆرە سیاسەتەش زۆنی گەندەلیە. ئەم جۆرە کوشتنە هەمیشە خۆی وەک گوماناویترین شێوەکانی کوشتن نیشاندەدا وەلی لەناو گەندەلی مێدیادا نووقمدەبێ و مێدیای ناوبراو وەک شتێ سەرەزارەکی گوزارەی لێدەکا. کوشتنی لەم شێوەیە کە وەک جۆرە کوشتنێ بێ بەلکە خۆینیشاندەدا پیردەبێ و دەکەوێتە زۆنی بیرچوونەوەوە. چونکە ئەوە کوشتنی سیاسیە کە ئەو سێستەمە بێ بەلگەیە دروستدەکا. بۆیە کوشتنی سیاسی هەمیشە بە ئیدانەکردنی ئەنۆنیمەوە (نەناسراو، بێناو) سەرقالتدەکا. بەهۆی کوشتنی ئەنۆنیمەوە خستنەژێرپرسیار زۆرترین هێزی دەدرێتێ بەلام هیچ بەرهەمناهێنێ. چونکە ئەنۆنیمەتی کوشتنەکە خەیالی پرسیارکردن پەرتدەکا و هەموان لە دەوری گومڕای و بێ ئاکامی کۆدەکاتەوە. بۆیە ئێمە ئێستا لەژێرسایەی مێدیای گەندەلدا لە قۆناغی ئەنۆنیمەتدا دەژین.
لەپاش کوشتنی سەردەشتەوە و پێشتریش زۆربەی تاوانەکان دراونەتە پال ئەنۆنیمەوە. پرسیارەکە ئەوەیە تاکەی ئەم ئەنۆنیمە لەناو ئێمە دەژی و بەئارەزووی خۆشی کەتنی گەورەگەورە دەکا؟ هەرێمێک کە هێندەی ولاتێ زەبەلاح مێدیای هەیە و زۆرترین پارە لەم مێدیا ناکاریگەرە سەرفدەکا بۆ ناکارێ شیکارەی ئەم ئەنۆنیمەمان بۆبکات؟ لەبەرئەوەی دیسانەوە ئەنۆنیم مێدیاکە بەڕێوەدەبا ناکارێ ئەم شیکارە بەدەستەوە بدا. ئەمە و بەپێیئەوەی کولتووری کوشتن وامانلێدەکا لە ڕەها بژین و زۆرترین پێوەندی لەتەک ئەنۆنیمدا خۆشکەین ئەم کولتوورە پێماندەلێ بوون و نەبوونی ئازادی من لەگەڕناخا. من هەم تا تۆلەبکەمەوە و تا ئەویتر بۆ هەمیشە لە هەناوی تۆقان بژێنم. ئەم کولتوورە کە خۆی وەک دوا چارەسەر نیشاندەدا هەرگیز ئەوەی بیرنایێتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەویش قووربانی نەرێتی تۆقان بووبێ. ئەم کولتوورە لێکسیکۆنی خۆی هەیە و ئازادیت بۆ فەراهەمدەکا تا وا لە ئازادیبکا بچێتە خوێنتەوە بەلام ئەوە ئازادی نییە لە خوێنتا دەگەڕێ ئەوە گەندەلییە. بۆیە کولتووری کوشتن ئازادی قێزەوەندەکا و خۆشی وەک چارەسەر دەبینێتەوە.
ئەوەشمانبیرنەچێ، کوژراو گەر سەربازێکی مارنزی ئەمەریکی یان پاسەوانێکی بەڕەگەز بیانی بەردەم کونسلخانەکانی هەولێر بایە دەستبەجێ بە هەلیکۆپتەر بەسەر سەری بالاترین بالاخانەی سیاسیمانا دەخولانەوە و مۆلەتی 24 سەعاتیان دەداینێ تا بکوژیان تەسلیم بکەینەوە.
ئێمە ئاوا بکوژی یەکتر بین چۆن ڕوومان دێ بۆلەمەولا باس لەو زۆرداریە سیاسییە بکەین لە بەشەکانی تری کوردستان دەرهەق بە تاکی کورد پیادەدەکرێن؟ ئێمە گەر چاوقایمبین و ئەوەش بکەین بەدلنیایەوە پێویستە شەرمدامانگرێ و ڕوومانەێ باس لەوەبکەین ئازادی ڕادەبڕین لە هەرێمەکەمانا سەردارە؟ ئەم ئازادیە بۆ مسۆگەرکردنی بژێویە بۆئەو دەجالانەی لە شوێنە گشتیەکانا ، لە کۆڕوکۆبوونەوەکانا، لە سمینار و بەرنامە تەلەفزێۆنیەکانا، قسە بە دەسەلات دەلێن و لەژێریشەوە کەباب لەگەل بەرپرسانی بڕیارە سیاسیەکان دەخۆن و پێشنیاری ئەوەیان بۆدەکەن " من دەکارم ببم بە ڕاوێژکارت لەو بوارە".
کوشتنی سەردەشت و سەردەشتنەکانی تر کە دەبێ بە بەشێ لە مێژووی ڕۆژنامەوانی هاوچەرخی کوردی پێویستە ئەم ڕۆژنامەوانیە نەبەردانە لەتەک هێزی کولتووری کوشتن ، کە ڕۆحی سیاسەتی ئازادی گەندەل پێکدێنێ، لە پێکدادانداندا بێ.